# ئاراستەكانی گەشەی دانیشتوانی جیهان

هەر گۆرانیك كە بە سەر قەبارەی دانیشتوان دیت رەنگدانەوەی لە سەر تەواوی لایەنەكانی ژیان جیدەهیلیت لەم سۆنگەوە ئەم بابەتە بۆتە جیگای بایەخ پیدانی پسپۆرانی بواری دانیشتوان بە تایبەت لە سەردەمی نویدا چونكە ژمارەی دانیشتوان لە كاتی ئیستادا بە شیوەیەكی زۆر سەرنج راكیش بە ئاراستەی هەلكشان چووە بە مەبەستی لیكولینەوەی زیاتری ئەم بابەتە چاكتر وایە كەمیك بۆ دواوە بگەرینەوە بە مەبەستی دیاریكردنی قەبارەی دانیشتوانی جیهان و زانینی هەموو ئەو فاكتەرانەی كە لەپشت ئەم زیادبوونە وەستاون بە تایبەت لە ٢٠٠٠سالی پیش ئیستا . بەمەبەستی زانینی ژمارەی دانیشتوان لە سەدەكانی پیش زایین شتیكی ئەتۆ لەبەر دەستدا نییە ئەوەی هەشە چەند هەولیكە كە لە لایەن چەند تویژەریكەوە دراون پشت بە ست بە چەند گریمانەیەك یان چەند راستییەكی میژووی دیارترینیشیان ئەو هەولە بووە كە لە لایەن زانای بە ناوبانگ ( هكسلی ) دراوە كە ژمارەی دانیشتوانی جیهانی لە چاخی بەردینی كۆن بە (١ - ٣) ملیون كەس مەزندە كردووە و لە چاخی بەردینی نویش (٨٠٠٠-٥٥٠٠ پ.ز) ئەو ژمارەیەی بە ( ١٠- ٢٠ ) ملیون كەس خەملاندووە . دوا بەدوای ئەویش ژمارەیەكی تر لە تویژەران پشت بەست بە هیندیك ئاماژەو داتای هەلهینجراو و گریمانەیی هەولیانداوە بگەن بەژمارەیەكی پەسەندو بەجی سەبارت بە پیشوەچوونی ژمارەی دانیشتوانی جیهان ، خشتەیەی ژمارە ( ) یش بەرهەمی گرنگترینی ئەو هەولانەیە بەمەبەستی زانینی ژمارەی دانیشتوان لە سەدەكانی پیش زایین شتیكی ئەتۆ لەبەر دەستدا نییە ئەوەی هەشە چەند هەولیكە كە لە لایەن چەند تویژەریكەوە دراون پشت بە ست بە چەند گریمانەیەك یان چەند راستییەكی میژووی دیارترینیشیان ئەو هەولە بووە كە لە لایەن زانای بە ناوبانگ ( هكسلی ) دراوە كە ژمارەی دانیشتوانی جیهانی لە چاخی بەردینی كۆن بە (١ - ٣) ملیون كەس مەزندە كردووە و لە چاخی بەردینی نویش (٨٠٠٠-٥٥٠٠ پ.ز) ئەو ژمارەیەی بە ( ١٠- ٢٠ ) ملیون كەس خەملاندووە . دوا بەدوای ئەویش ژمارەیەكی تر لە تویژەران پشت بەست بە هیندیك ئاماژەو داتای هەلهینجراو و گریمانەیی هەولیانداوە بگەن بەژمارەیەكی پەسەندو بەجی سەبارت بە پیشوەچوونی ژمارەی دانیشتوانی جیهان ، خشتەیەی ژمارە ( ) یش بەرهەمی گرنگترینی ئەو هەولانەیە

| سال | دانیشتوان بە ملیۆن | ژمارەی سالی پیویست بۆ دوو كەرەت بوونەوە |
|---|---|---|
| ١ | ٢٥٠ | |
| ١٦٥٠ | ٥٠٠ | ١٦٥٠ |
| ١٨٥٠ | ١,١ | ٢٠٠ |
| ١٩٣٠ | ٢ | ٨٠ |
| ١٩٧٥ | ٤ | ٤٥ |
| ٢٠٢٣ | ٨(پیشبینی) | ٤٨ |

له سەیرکردنی خشتەی( ) دەکریت چەند راستیەکی دیمۆگرافی هەلبهینجین کە گرنگترینیان ئەمانەن :
لە ماوەی نیوان سالانی (١ تاوەکو ٢٠٢٥) گۆرانی گەورە بەسەر قەبارەی دانیشتوانی جیهاندا هاتو، و دیارە ئەم گۆرانە لە تەواوی ئەو ماوەیە بەیەك ئاست نەبووە بەڵکو جیاوازیەکی زۆر بەدی دەکرێت لە کاتیکەوە بۆ کاتیکی تر. کۆمەلگای ئادەمی ماوەیەکی زۆری ویستووە تاوەکو ژمارەی دانیشتوانی گەیشتۆتە (٢٥٠) ملیۆن کەس، بە جۆریك زانایان پییان وایە کە ئادەمیزادی ئیستا پیش (٢٠٠٠٠) سال دەرکەوتووە .کۆمەلگای ئادەمی شانزە سەدەو نیوی پیویست بووە تاوەکو ژمارەی دانیشتوانی تەنها (٢٥٠) ملیون کەس زیاد بکات و ببیت بە نیو ملیار . ئەو ژمارەیە لە کاتی ئیستادا تەنها بە سێ سال زیاد دەکات. بەو پییەی لەکاتی ئیستادا سالانە ٨٣ ملیۆن کەس زیاد دەکات کە ئەم ژمارەیە یەکسانە بە کۆی دانیشتوانی وولاتی ئەلمانیا لەماوەی نیوان سالانی (١٨٥٠ -١٩٣٠) واتە تەنها (٨٠) سالی ویستووە بۆ ئەوەی جاریکی تر دانیشتوانەکەی دوو کەرەت ببیتەوە و لە یەك ملیارەوە زیاد بکات بۆ دوو ملیار .

ماوەی سالانی دوو بارە بوونەوە دانیشتوانی جیهان دوای ئەو میژووە پەیتا پەیتا رووی لە دابەزین بووە بە جۆریك لە ماوەی نیوان سالانی (١٩٣٠ -١٩٧٥) تەنها (٤٠) سال پیویست بووە بۆ ئەوەی ژمارەی دانیشتوان دوو ملیار کەس زیاد بکات . هەروەها دەکریت سالی (١٦٥٠)بە خالی وەرچەرخان بزانین لە نیوان دوو سەردەمی جیاواز لە میژووی دانیشتوانی جیهانی کە ئەوانیش بریتین لە :

**سەردەمی یەکەم** : کە بە سەردەمی زیادبوونی هیواش دەناسریت کە ئەویش هەموو ئەو سەلانەدەگریتەوە کە دەکەونە پیش ئەو میژووە.

**سەردەمی دووەم** : بە سەردەمی زیادبوونی خیرا دەناسریت کە ئەویش هەموو ئەو ماوانە دەگریتەوە کە لە دوای ئەم میژوەوە هاتوون .

دیارە ئەو خیراییە لە گەشەی دانیشتوان کە جیهان لە میژووی نوی بە خۆوەی بینیوە پالی بە زۆریك لە تویژەرانەوە ناوە باس لە شتیك بکەن کەبە (ئاریشەی دانیشتوان) ناوزەند دەکریت . لە لیکۆلینەوەیەك کە دکتۆر(ك. ب . فاوست) پیی هەلساوە بەو دەرئەنجامە گەیشتووە کە ژمارەی دانیشتوانی جیهان لە ماوەی (١٠٠) سالی ئایندە دەگاتە (٢٠) ملیار کەس ئەگەر دانیشتوان بە ریژەی گەشەی سالانەی (١٪) گەشە بکات بەمشیوەیە دانیشتوانی جیهان ئەوەندە زیاد دەکات کە چریان دەگاتە یەك کەس بۆ هەر یاردەیەکی چوارگۆشە ١ یاردە = ٠.٩١ م واتە = بە ٣ قدم

لە سەیرکردنی خشتەی ژمارە ( ) تیبینی ئەوە دەکریت لە ماوەی نێوان ساڵانی ١ تا ٢٠١٢ گۆرانی گەورە بەسەر قەبارەی گەشەی دانیشتوان جیهان داهاتوو دیارە ئەم گۆرانە لە تەواوی ئەو ماوەیە بەیەك ئاست نەبووە بەڵکو جیاوازیەکی زۆر بەدی دەکرێت لە کاتیکەوە بۆ کاتیکی تر لە سەیرکردنی خشتەی ژمارە (١) ش ئەم راستیە روونتر دەردەکەویت

## دانیشتوانی جیهان و ماوەی پێویست بۆ دوو کەرەت بوونەوە

- خشتەی ژمارە ( )

| سال | ژمارە بە ملیار | سالی پێویست بۆ دوو کەرەت بوون | ٪ گەشەی سالانە |
|---|---|---|---|
| 1 | 0.25 | 1650 | 0.05 |
| 1650 | 0.5 | 200 | 0.4 |
| 1850 | 1.1 | 80 | 0.7 |
| 1930 | 2 | 45 | 1.5 |
| 1975 | 4 | | 1.4 |
| 2012 | 7.2 | 37 | |

ئەوەی لە گەشەی دانیشتوانی جیهانیش تیبنی دەکریت ئەوەیە کە دانیشتوانی جیهان لە تەواوی بەشەکانی بە یەك ریژە گەشەیان نەکردووە بەلکو جیاوازیەکی گەورە بە دیدەکریت لە شوینیکەوە بۆ شوینیکی ترو لە کاتیکەوە بۆ کاتیکی تر ، لیرەشدا هەول دەدەین سوود لە لیکۆلینەوەکانی هەر یەك لە ( ویلکوکس Willcox) و (کار ساوندەر Car Saunder) کە هەردووکیان مەزەندەکاریان بۆ ژمارەی دانیشتوانی جیهان لە ماوەی نیوان سالانی (١٦٥٠ – ١٩٠٠) دوا بە دوای ئەم میژووەش دروست دوای سالی (١٩٢٠) فەرمانگەی دانیشتوانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارەی خەملیندراوی

تا رادەیەك ووردی سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوانی جیهانی تا ناوەراستی سەدەی رابردوو خستۆتە بەردەست ، دوا بە دوای ئەوەش زۆربەی وولاتانی جیهان سەرژمیری گشتی دانیشتوانیان ئەنجام داوە . کە هەموو ئەمانەش دەکریت پشتیان پی ببەستریت بۆ زانینی جیاوازی خیرایی ئاستەکانی گەشەی دانیشتوانی جیهان لیرەشدا هەول دەدەین ئەم جیاوازیە دابەش بکەین بۆ سەر سی ماوەی جیاواز بەم شیوەیە .

ماوەی یەکەم (١٦٥٠- ١٩٠٠)

## قەبارەو گەشەی دانیشتوانی جیهان
## ١٦٥٠–١٩٠٠ به مليون (تيكراى گەشە٤،٠٪)

٢

| سال | افریقیا | اسیا | اوروپاو سوفیەت | امریکای باکوور | امریکای باشوور | استرالیا | جیهان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٦٥٠ | ١٠٠ | ٣٢٧ | ١٠٣ | ١ | ١٢ | ٢ | ٥٤٥ |
| ١٧٥٠ | ٩٥ | ٤٧٥ | ١٤٤ | ١ | ١١ | ٢ | ٧٢٨ |
| ١٨٠٠ | ٩٠ | ٥٩٧ | ١٩٢ | ٦ | ١٩ | ٢ | ٩٠٦ |
| ١٨٥٠ | ٩٥ | ٧٤١ | ٢٧٤ | ٢٦ | ٣٣ | ٢ | ١١٧١ |
| ١٩٠٠ | ١٢٠ | ٩١٥ | ٤٢٣ | ٨١ | ٦٣ | ٦ | ١٦٠٨ |

١- *بازرگانی کردن بە کۆیلە بوە هۆی گواستنەوە( ٢٠-٣٠) ملیۆن کەس جێگای ئاماژەیە زۆربەی زۆری ئەم کۆیلانە گەنج بوون لە قۆناغی نانەوەی وەچە بوون هەر بۆیە ئەمە کاریگەی لەسەر هەرەمی دانیشتوان جێ هێشوە.*

٢- ٢ ـ بلاّوبوونەوەی نەخۆشی بووە هۆی لە ناوبردنی ژمارەیەکی زۆری خەلّکی ئەو قارەیە بە تایبەت لەو نەخۆشیانەی کە سپی پێستەکان لەگەلّ خۆیان هێنابوویان رەشی پێستەکان بەرگەی ئەم نەخۆشی یەکان نەدەگرت.

٣- شەر وشۆری هۆزایەتی لە پێناو وە دەست خستنی دەسەلاّت کە تا ئەمرۆش بوونی هەیە.

٤- بەلام سەبارەت بە کیشوەری ئەمریکای باشوور ئەو کەمبوونەی کە بە سەر دانیشتوانی کیشوەرەکە داهاتووە لە ماوەی نیوان سالانی (١٦٥٠ بۆ ١٧٥٠) کە بە نزیکەی یەك ملیۆن کەس مەزەندە دەکریت هۆکارەکەی بۆ ئەو لە ناوبردنە فراوانە دەگەریتەوە کەبە سەر هیندە سوورەکان داهات لە سەر دەستی داگیر کەرە ئیسپانیەکان کە سەرەتا گەیشتنە کیشوەرەکە

**قۆناغی دووەم (١٩٢٠ -١٩٥٠)**

## قۆناغی دووەم (1950 -1920)

| سال | افرقيا | اسيا | امريكاى باكور | امريكاى باشور | استراليا | اوروپا | USSR | جيهان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1920 | 141 | 966 | 117 | 91 | 8.8 | 329 | 158 | 1811 |
| 1930 | 157 | 1073 | 135 | 109 | 10.4 | 356 | 176 | 2015 |
| 1940 | 176 | 1212 | 146 | 131 | 11.3 | 381 | 192 | 2249 |
| 1950 | 220 | 1489 | 167 | 162 | 13 | 392 | 181 | 2625 |
| ر/زيادبوون | 1.3 | 1.1 | 1.2 | 1.9 | 1.3 | 0.6 | 0.5 | 1.1 |

لە سەیر کردنی خشتەی ژمارە(٢) تێبینی دەکرێت کە دانیشتوان لە تەواوی قارەکان بە ئاراستەی زۆر بون چووە هەر بۆیە رێژە گەشەی دانیشتوان لە سەر ئاستی جیهان لەو ماوەیەدا زیادی کردوە بۆ ( ١،١ ٪ )

هەر لە خشتەکەدا ئەوە دەردەکەوێت کە هەریەك لە قارەکانی ئەمریکای باشور و ئوستڕالیا و ئەفریقیا و ئەمریکای باکوور رێژەی گەشەی ساڵانەیان لە تێکرای جیهان زیاترە لە بەرامبەردا ئەم رێژەیە لە قارەی ئەوروپا کەم دەکات ٠،٦٪ دیارە ئەمەش لە ئەنجامی

١- ئەو کۆچە بوە کە خەڵکی ئەوروپا بەرەو بەشەکانی تری جیهان کردیانە

٢- بۆ سیاسەتی رێکخستنی خێزان و سنوردار کردنی منداڵ بوون دەگەرێتەوە کە خەڵکی ئەوروپا پیادە یان کردوە لە ئەنجامدا بوە هۆی کەم بوونەوەی تێکراکانی لەدایك بوون .

قلەسەیر کردنی ئەو خشتەدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە ژمارەی دانیشتوانی جیهان لەو ماوەیەدا بەیەك ئاراستە رووی لە زیادبوون نەبووە بەلکو بەشێوەیەکی زۆر خیرا گەشەی کردووە تاوەکو کۆتای سەدەی بیستەم بەلام دوا بەدوای ئەم مێژووە ئەم گەشەیە هیواش بۆتەوە،

**قۆناغی سییەم (١٩٥٠ -٢٠١٠)**

لەسەیر کردنی ئەو خشتەدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە ژمارەی دانیشتوانی جیهان لەو ماوەیەدا بەیەك ئاراستە رووی لە زیادبوون نەبووە بەلکو بەشێوەیەکی زۆر خیرا گەشەی کردووە تاوەکو کۆتای سەدەی بیستەم بەلام دوا بەدوای ئەم مێژووە ئەم گەشەیە هیواش بۆتەوە، بە جۆرێك ئەگەر ئەم خشتەیە بەراورد پێ بکەین لەگەڵ خشتەی پێشوو تێبینی دەکەین کە

١-گەشەی ساڵانەی دانیشتوان جیهان١،٧ بووە لەکاتێك ئەم رێژەیە لە ماوەی پێشوو ١،١ زیاتر نەبوە

٢- هەریەك لە قارەکانی ئەفریقیا - اسیا - ئەمریکای باشور کە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم لەم قارەنەدان تێکرای گەشەی دانیشتوانی لە تێکرای گەشەی دانیشتوانی جیهان زیاترە ئەوەش لە ئەنجامی باش بوونی

گوزەران و تەندروستی خەڵك دێت كە بوە هۆی كەم بوونەوەی تێكراكانی مردن لە بەرامبەر بەرزی زۆر تێكراكانی لە دایك بوون لەم قارەنەدا

٣- ئەمریكای باكور ئەوروپا ڕێژەی گەشەیان لە تێكرای جیهانی كەمترە .

٤- ئەو گۆڕانە خیرایەی لەم ماوەیەدا بە  سەر گەشەی دانیشتوانی جیهان داهاتووە پالی بە تویژەران ناوە كە ئەم ماوەیە ناو بنین بە (تەقینەوەی دانیشتوان)

بە جۆرێك ئەگەر ئەم خشتەیە بەراورد پێ بكەین لەگەڵ خشتەی پێشوو تێبینی دەكەین كە

١-گەشەی ساڵانەی دانیشتوان جیهان١,٧ بووە لەكاتێك ئەم ڕێژەیە لە ماوەی پێشوو ١,١ زیاتر نەبوە

٢- هەریەك لە قارەكانی ئەفریقیا ـ اسیا ـ ئەمریكای باشور كە زۆربەی ولآتانی جیهانی سێیەم لەم قارەنەدان تێكرای گەشەی دانیشتوانی لە تێكرای گەشەی دانیشتوانی جیهان زیاترە ئەوەش لە ئەنجامی باش بوونی گوزەران و تەندروستی خەڵك دێت كە بوە هۆی كەم بوونەوەی تێكراكانی مردن لە بەرامبەر بەرزی زۆر تێكراكانی لە دایك بوون لەم قارەنەدا

٣- ئەمریكای باكور ئەوروپا ڕێژەی گەشەیان لە تێكرای جیهانی كەمترە .

٤- ئەو گۆڕانە خیرایەی لەم ماوەیەدا بە  سەر گەشەی دانیشتوانی جیهان داهاتووە پالی بە تویژەران ناوە كە ئەم ماوەیە ناو بنین بە (تەقینەوەی دانیشتوان)

قۆناغی سییەم (١٩٥٠-٢٠١٠)

ژمارەی دانیشتوان بە ملیۆن

| ساڵ | ئەفریقیا | ئاسیا | ئەمریكای باكور | ئەمریكای باشور | ئەوروپا | ئوسترالیا | جیهان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٥٠ | ٢٢٠ | ١٢٨٩ | ١٦٧ | ١٦٢ | ٢٩٢ | ١٢ | ٢٥٢٥ |
| ١٩٦٠ | ٢٧٥ | ١٦٩٣ | ٢٠٠ | ٢١١ | ٤٢٥ | ١٦,٥ | ٣٠٣٧ |
| ١٩٧٠ | ٣٥٥ | ٢١١١ | ٢٢٨ | ٢٨٣ | ٤٥٩ | ١٤,٩ | ٣٦٩٦ |
| ١٩٨٠ | ٤٧٠ | ٢٥٧٩ | ٢٤٦ | ٣٦٨ | ٤٨٤ | ٢٢,٨ | ٤٤٣٢ |
| ١٩٩٥ | ٧٢٨ | ٣٤٥٨ | ٢٩٢.٨ | ٤٨٢ | ٥١٢.٩ | ٢٨.٥ | ٥٧٨٨.٢ |
| ٢٠١٠ | ٩٧٠ | ٤٢٤٢ | ٣٥٧ | ٦٠٥ | ٧٩١ | ٣٥ | ٧٠٠٠ |
| ر.گ. س | ٢.٥ | ١,٩ | ١.٢ | ٢.٢ | ١.١ | ١.٧ | ١_٧ |